سەرۆک کۆمار جەخت لە هاوپشتی و پشتیوانی عێراق بۆ گەلی فەلەستین دەکاتەوە

سەرۆک کۆمار لەمیانی پێشوازیکردنی لە وەفدی فەلەستینی بەشداربووی کۆنفرانسی هاوپەیمانی سیاسی دیموکراتی لە جیهانی عەرەبیدا جەختی لە هاوپشتی و پشتیوانی عێراق بۆ گەلی فەلەستین کردەوە.

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوەکدا کەدستی موتەبوع کوتووە،بەاویکردەوە سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ پێنجشەممە ٢٨ی ئابی ٢٠٢٥، پێشوازیکرد لە وەفدکی فەلەستینی بە سەرۆکایەتی محەمەد ئەشتیە سەرۆک وەزیرانی پێشوو ، ئەوەش لە پەراوێزی کۆنگرەی هاوپەیمانی سیاسی دیموکراتی لە جیهانی عەرەبیدا کە لە شاری سلەمانی بەڕێوەدەچێت.

وتیشی لە سەرەتای دیدارەکەدا، سەرۆک کۆمار بەخێرهاتنی وەفدەکەی کرد، و لە دیدارەکدا باروودخی دەتەزڕن و کارەساتباری گەلی فەلەستین لە کەرتی غەزە و لە فەلەستین بە گشتی تاوتوێ کرا.

سەرۆک کۆمار جەختی لە هاوپشتی و پشتیوانی عێراق، حکومەت و گەل، بۆ گەلی فەلەستین کردەوە، و پێویستی یەکخستنی هەوڵە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان و گرتنەبەری هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەی بەرامبەر بە دەستدرێژی و سیاسەتی کوشتن و برسی کردن دژی هاوڵاتیانی سڤیل و ژنان و منداڵان و پیر و پیاوان دووپاتکردەوە، هەروەها کاریش لەسەر گەیاندنی یارمەتییە مرۆیی و پزیشکی و خۆراکییەکان بۆ

هاوڵاتیان بکات بۆ شوێنێک کە پێداویستییەکانیان دابین بکات.

لای خۆیەوە، محەمەد ئشتیە سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرۆک کۆمار دڕبڕی و ستایشی هەوڵەکانی و هەوڵستی عێراقی کرد لە پشتیوانیکردنی فەلەستین و مافە ڕەواکانی گەلەکەی.

وەفدەکە قسەغانی فەلەستینیان بەخشیە سەرۆک کۆمار بۆ هەوڵستە دیارکانی لە پشتیوانی و پشتگیریکردنی دەزی ڕەوای گەلی فەلەستین.

`